www.kurdistannet.org
01/03/2003 00:14

ئەمەریکا زۆر پەستە لە تورکیا، بەڵام وەزعەکە ئەوەنییە !

کێ لە (کەزامزی) ئەمەریکا دەگا ؟

فریاد هیرانی
friadhirani@yahoo.com

سەرنج :-

(کەزامزی) شێوە زمانێکی قسەپێکردنە، هەر کوردییە بەڵام شێوە زمانی نهێنییە و پیتی (ز) لە جێگەی هەموو پیتەکان بەکاردێ، ئەم شێوە زمانە بۆ ئەم جۆرە کاتانەیە کە لە مەجلیسێکدا دوو کەس بەکاریدێنن بۆ ئەوەی ئەوانی تر تێی نەگەن.



لەم ماوەیەدا چەند جارێك گوێبیستی (کۆلن پاول) ی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بووین کە دەڵێ (ئێمە نەخشەی رۆژهەڵات دەگۆڕین) ئەرێ بەڕاست رۆژهەڵات کوێیە ؟ باشە ئەگەر دەستکاری عێراق و ئێران و تورکیا نەکەن، ئەی نەخشە گۆڕینەکەی رۆژهەڵات کوێ دەگرێتەوە ؟ من پێموایە ئەمەریکا هەموو هاوکێشەکان دەگۆڕێت، هاوپەیمانی نوێ بۆخۆی دروستدەکا و چاویش بەهاوپەیمانە کۆنەکانیش دەخشێنێتەوە هەر بۆ نمونە تورکیا نزیکەی هەشتا ملیۆن کەسە، هەموو داهاتێکی زیاتر لەسەر گەشتوگوزارە و بەردەوام قەیرانی ئابووری هەیە، ئەمەریکا ساڵانە بەدەیان ملیار دۆلاری داوەتە تورکیا، هەر لەبەرئەوەی رۆڵی پۆلیسێکی ئەمەریکی گێڕاوە لە رۆژهەڵات بەتایبەتیش لەبەرامبەر یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، بەڵام ئێستا سۆڤیەت نەماوە، ئێستا شەڕ و ململانێ سەرەکییەکە لەبەرامبەر تیرۆر و ئیسلامی سیاسیە، بەڵام عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی کەوا خەریکە بەرژەوەندی کورد و عێراقی داهاتووش هاوتەریب دەبێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، یان بابڵێن جۆگەلەی بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی ئەمەریکا و بەرژەوەندییە سیاسی و نیشتمانییەکانی کورد دەچنەوە ناو روبارێك و یەك دەگرنەوە، لێرەدا هەڵوەستەیەك دەکەم و دەچمە سەر پەست بوونی ئەمەریکا لەبەرامبەر تورکیا و دوایی دەگەڕێمەوە سەر هاوبەشی بەرژەوەندی کورد و ئەمەریکا.

تورکیا لەناخەوە ئەم مەرامانەی هەیە :-

١-لەکاتی لێدانی عێراق ئەویش بەسوپاکەی کوردستان داگیربکا و کۆنترۆڵی کەرکوك و موسڵ بکات.

٢-هەژمونی خۆی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێ و ئەزمون و ئیدارەی کورد تێکبدات.

٣-هەموو حزبە کوردییەکان چەك بکات.

٤-جگە لەم مەرامانەی داواش لە ئەمەریکا دەکا (٢٠) ملیار دۆلاری وەکو یارمەتی پێببەخشێ و (٢٠) ملیار دۆلاری تریش وەکو قەرز.

مرۆڤ ئەگەر بەوردی و بەدیقەت ئەم داواکارییە شێتانەی تورکیا هەڵسەنگێنێ دەگاتە دوو ئەنجام :-

یەکەم / ئەم داواکارییانەی تورکیا هیچ بۆ ئەمەریکا و بەرنامەی ئەمەریکا ناهێڵێتەوە لە داهاتووی عێراق و کوردستاندا بۆیە ئەمەریکا لە ناخەوە زۆر لە تورکیا پەستە بەڵام وەزعەکە ئەوە نییە ئێستا هەڵوێستی لەبەرامبەر وەربگرێ و چونکە دۆستێکی کۆنە و هێشتاش دۆستە نوێیەکانی بەتایبەتیش لایەنە کوردییەکان پێنەگەیشتوون یان بابڵێین دەسەڵات و پێگەیان سەقامگیر نەبووە.

دووەم/ ئەم هەموو داواکارییانەی تورکیا ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ئەم عەرزە (نمایش) ی ئەمەریکا بۆ تورکیا دووا عەرزە کە ئەمەریکا بە تورکیا بڵێ چیت دەوێ ؟ چونکە تورکیا خۆیشی تەواو گەیشتۆتە ئەو راستییەی کە پاش گۆڕانکاری لە عێراق رۆڵی تورکیا بۆ ئەمەریکا نەك هەر لاواز دەبێت بەڵکو رەنگە هیچ رۆڵێکی نەمێنێ، ئەو رۆڵەی کە تا ئێستا تورکیا بۆ ئەمەریکای بینیوە لە رۆژهەڵات، ئەوا عێراقی داهاتوو بەشێوازێکی زۆر بەهێزتر ئەم رۆڵە بۆ ئەمەریکا دەبینێ، عێراقێك کە هیچ پێویستی بەیارمەتی ئابووری ئەمەریکا نییە، هەر بەداهاتی نەوتی خۆی خۆیشی دەژیێنێ و بەشی ئەمەریکاش دەدا، بەپێی راپۆرتێکی شارەزایان و پسپۆڕانی بواری نەوتی ئەمەریکا، نەوتی یەدەگی ژێر زەوی عێراق بەگشتی و بەتایبەتیش نەوتی کەرکوك و موسڵ بەشی (١٠٠) ساڵ دەکات کە هەموو کۆمەڵگای عێراق و ئەمەریکای پێ بەخێوبکرێت، ئەم داهاتە گاڵتە نییە هەر بەڕاستی هی ئەوەیە نەك هەر شەڕی لەسەر بکرێت دژی سەدام، بەڵکو ئەگەر شەڕێکی جیهانیشی لەسەر بکرێ کارێکی چاوەڕوانکراوە، نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێ کە جۆری نەوتی کەرکوك باشترین جۆرە و پلە یەکە لە جۆرەکانی نەوت لە هەموو جیهاندا.

یەکگرتنەوە و تێکەڵاوبوونی بەرژەوەندی کورد و ئەمەریکا جگە لە بواری ئابووری ئەوا لەبواری سیاسیشدا لە داهاتوو، کورد ئەو کارتە بەهێزەیە کە دەکرێ دژایەتی عەرەب و ئیسلامی سیاسی و تاکە ئۆردوگای ئیسلامی رۆژهەڵاتی پێبکرێت کە جمهوری ئیسلامی ئێرانە.

چەند پێشبینییەك بۆ دوای گۆڕانکاری لە عێراق

وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە و گوتمان (کێ لە کەزامزی ئەمەریکا دەگا) پێموایە پاش گۆڕانکاری لە عێراق و دامەزراندنی حکومەتێکی فیدراڵی و هێوربوونەوەی دۆخی هەموو عێراق لە بواری سیاسی و ئەمنی و ئیداری و. . هتد، ئینجا سەرەتای جێبەجێکردنی بەرنامە و نەخشەکانی ئەمەریکا دەستپێدەکا، کورد کارتی پلەیەکە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانی ئەمەریکا و هاوکاتیش جێبەجێکردنی بەرنامە نیشتمانی و نەتەوەییەکەی خۆیشی، دەستکاری کردنی نەخشەی رۆژهەڵات (وەك چەند جارێك پاوڵ درکاندوویەتی) تەنیا لە رێگەی کوردەوە جێبەجێ دەکرێ بۆ نمونە :

یەکەم/ رەنگە ئەمەریکا کورد هانبدات یان گڵۆپێکی سەوزی بۆ داگیرسێنێ کە ریفراندۆمی جەماوەری بکا بۆ دیاریکردنی شێوازی پەیوەندی لەگەڵ عێراق (وەکو ئەزمونی تەیموری خۆرهەڵات) ئەمەش ناڕاستەوخۆ موغازەلە کردنی کوردە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، دەوڵەتێك بەکەرکوك و موسڵیشەوە ژمارەی دانیشتوانی ناگاتە (٨) ملیۆن کەس، بەڵام خاوەنی داهاتێك دەبێ کە بەڕاستی داهاتێکی زۆر و خەیاڵییە، دەوڵەتێك دەبێ راستە دەوڵەتێکی کوردییە و کورد بەمافی نیشتمانی خۆی دەگا، بەڵام دەوڵەتێك دەبێ دەکرێ ناوی لێبنێین دەوڵەتی شەڕ ! (وەکو ئیسرائیل، بەڵام بەکۆمەڵێك جیاوازییەوە) دامەزراندنی دەوڵەتێکی لەم بابەتە هەموو کوردەکانی ئێران و تورکیاو سوریا و بەشەکەی سۆڤیەتی جارانیش دەوروژێنێ، جا پێموایە نەخشەگۆڕینەکەی ئەمەریکا لەمەوە دەستپێدەکات.

دووەم/ رەنگە ئەم بەرنامەیەی سەرەوەش دوای ئەوە بێ کەئەمەریکا دەستکاری ئێران بکا، ئێرانیش زەمینەیەکی لەباری هەیە بۆ پارچە پارچە کردن (فارس و کورد و تورك و ئازەری و عەرەب و ... هتد) مەبەستمان ئەوەیە رەنگە پاش تێکشکاندنی دەسەڵات و هەیمەنەی حوکمی ئیسلامی شیعە لە ئێران ئینجا رێگە بە کورد بدرێ داوای ئەو دەوڵەتە بکا و گۆڕینی نەخشەکە دەستپێبکا کە دەبێتە مایەی دەستکاری کردنی سوریا و تورکیاش و بەهێزترین فاکتەریشە بۆ لاوازکردنی دەوڵەتانی عەرەب بەگشتی و هێزە ئیسلامییەکان بەتایبەتی.

ئەمەی کە لەسەرەوە باسمانکرد تەنیا پێشبینییە و بەس، ئەم پێشبینیانەش لە ژێر رۆشنایی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەمەریکاوە هەڵێنجراون نەك لە روانگەی نەتەوەیی و نیشتمانی کورد، بەڵام کاتێك کە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری ئەمەریکا لەگەڵ بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کورد تێکەڵاو دەبێت هەر ئەم پێشبینیانەشی لێدەکەوێتەوە.

دەستکاریکردنی نەخشەی رۆژهەڵات کە جار بەجار لێپرسراوانی ئەمەریکا لە ژێر لێوەوە دەیدرکێنن، دەستکاری کردنی نەخشەی عێراق و ئێران و سوریاو تورکیا دەگرێتەوە، مەرجیش نییە کورد ببێتە یەك دەوڵەتی سەربەخۆ، رەنگە ئەمە بۆ ئەمەریکاش دروست نەبێ، کە دەوڵەتێکی گەورە لە ناوچەکە سەرهەڵبداتەوە چونکە ئامانجی دەستکاری کردنی نەخشەی رۆژهەڵات بەو مەبەستەیە کە ببنە دەوڵەتی بچوك بچوك پێش بینی دەکەم کورد ببێتە سێ دەوڵەت.

دیارە ئەم خەونانەش خەونی لەمێژینەی کوردن، بۆیە کورد لە بەرژەوەندیدایە خۆی لەگەڵ ئەمەریکیەکان بگونجێنێ و هاوشانی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا بڕواو بەجێ نەمێنێ، دونیای ئێستاش دونیای کۆن نییە بڵێین ئەمەریکا ئیمپریالیزم و داگیرکەرە ! بە درێژایی مێژوو ئێمە کێشەمان لەگەڵ عەرەب و تورك بووە، بەتایبەتیش ئیسلامی سیاسی کە سەرەتای غەدر و داگیرکردن لە کورد لە فتوحاتی ئیسلامییەوە دەستی پێکردووە، هەر لەوکاتەوە ئیسلامی سیاسی بەزەبری شمشێر خاك و عەقڵ و کەلتوری کوردی داگیرکردووە، دەبێ ئێستا هێندە هۆشیار بین عەقڵ و بیرکردنەوەمان لە داگیرکاری ئیسلامی سیاسی داتەکێنین بۆ ئەوەی بتوانین بەعەقڵیەتێکی نوێ نەتەوە و نیشتمانەکەمان رزگار بکەین و کۆمەڵی کوردی بەرەو کۆمەڵێکی ئازاد و مەدەنی و پێشکەوتوو ببەین.

تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نییە ئەم نووسینە لەگەڵ بیروبۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت) ە، بەڵام بەهۆی بڕوابوونمان بەئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە... لەگەڵ رێز و خۆسەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوەیی و خەباتکاری ئەم رێگایە.

ئەم تێبینی یە لەژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.... ١٥-١-٢٠٠٣